حەماس: ئامادەین هەمو بارمتە ئیسرائیلییەکان ئازادبکەین

بزووتنەوەی حەماس وەڵامی پێشنیازی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکای دایەوە و ئامادەیی خۆی بە ئازادکردنی هەموو بارمتەکان لە بەرامبەر کشانەوەی تەواوەتیی سوپای ئیسرائیل لە کەرتی غەززە دەربڕی.

لە راگەیەندراوەکەدا، کە ئەمشەو هەینی بڵاوکرایەوە، حەماس دەڵێت، لەپێناو راگرتنی "دەستدرێژی و شەڕی جینۆسایدی" ئیسرائیل دژی خەڵکی غەززە و "لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتیی نیشتمانی"، وەڵامی پێشنیازەکەی داوەتەوە.

حەماس "سوپاس و پێزانینی" خۆی بە هەوڵە عەرەبی، ئیسلامی و نێودەوڵەتییەکان و هەوڵەکانی ترەمپ بە راگرتنی شەڕ و ئاوگەڵی بارمتە و بەندکراوان دەربڕیوە.

گرنگترین خاڵەکانی وەڵامەکەی حەماس:

یەکەم: ئازادکردنی بارمتەکان

بزووتنەوەکە "ڕەزامەندی دەردەبڕێت لەسەر ئازادکردنی هەموو دیلەکانی ئیسرائیل، زیندوو و تەرمەکان، بەپێی ئەو شێوازەی ئاوگەی کە لە پێشنیازەکەی سەرۆک ترەمپدا هاتووە." حەماس جەختی کردووەتەوە کە ئامادەیە دەستبەجێ لە ڕێگەی نێوەندگیرەکانەوە بچێتە دانوستاندن بە تاوتوێکردنی وردەکارییەکانی ئەو ڕێککەوتنە.

دووەم: بەڕێوەبردنی کێرتی غەزە

سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کێرتی غەزە، حەماس دووپاتی دەکاتەوە کە "ڕازیین لەسەر ڕادەستکردنی بەڕێوەبردنی کێرتی غەزە بە دەستێکی فەلەستینیی سەربەخۆی تەکنۆکرات، لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی نیشتمانیی فەلەستینی و بە پشتیوانیی عەرەبی و ئیسلامی."

سێیەم: داهاتووی غەزە و مافەکانی فەلەستینییەکان

لەبارەی پرسەکانی دیکەی تایبەت بە داهاتووی کێرتی غەزە و مافەکانی گەلی فەلەستین کە لە پێشنیازەکەی ترەمپدا هاتوون، حەماس دەڵێت، "ئێمە پێیوەستە بە هەوەستەکی نیشتمانیی گشتگیر و بە پشتبەستن بە یاسا و بڕیارە نێودەوڵەتییە پێیوەندیدارەکان، کە لە چوارچێوەیەکی نیشتمانیی فەلەستینیی گشتگیردا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ و حەماسیش بە بەرپرسیارەتییەوە بەشدار دەبێت تێیدا."